# گڵکۆی هونەرمەندێکی بێ کیان!



ئەمساڵ ٢٥٠ ساڵ بە سەر ڕۆژی لە دایکبوونی لودویک فۆن بێتهۆن، تێدەپەڕێ. ماڵی بێتهۆن کە بۆتە موزەخانە، بە هاوکاری لە گەڵ دەیان شوێن (ڕادیۆ، تەلەویزیۆن، زانستگا، فیلارمۆنی، موزەخانە و شوێنی تر) لە ژێر سەردێڕی "بێتهۆن دەجولێنێ"، زنجیرەیەک بەرنامە لە ئاڵمان بەڕێوە دەبن. لە پشت بێتهۆن و ماڵەکەی، کیان و میللەت و دامودەزگای ئاڵمان هەیە. ساڵێ تر ١٠٠ ساڵەی لەدایکبوونی هونەرمەندێکی کوردە، کە هەر کەس و هەموو کەس دەجولێنێ، بەڵام ئایا میللەتی بێ کیانی کورد و دام و دەزگا و تاکەکان، بۆ ١٠٠ ساڵەی زیرەک، دەجولێنەوە؟!

[[کاکە مینە لە دەرکی قاوەخانەکەی لەو فەلەکەیە بانگی کردم، عەلی ئەسپەکەت تاقەت کرد هەتا ئێرە وەرە. چووم ئە سپەکەم تاقەت کرد و هاتمەوە. کوتی عەلی دایکم هەراسی پێهەڵگرتووم، دەڵێ بێتو حەسەن نەگوێزنەوە ئەمن شێت دەبم، یا خۆم دەکوژم. ئەلان بە بێ ئەوە دایکم خەونی پێوە ببینێت، سێ پیاو و دوو ژنیش خەونیان پێوە دیوە. کاکە مینە، جا ئەگەر وایە بابچینە لای حاجی ماموستا. کە چووین کاکە مینە عەرزی کرد شتێکی وایە. کوتی نێوی ئەو نەفەرانە دەزانی؟ کوتی دوو ژن و وسێ پیاو بیجگە لە مامە عەلی! ...کوتی ... با عالەم نەخرۆشێ، بیبەنە ئەو تەپەی ناڵەشکێنە لای ئەو سەیدە. کوتم ماموستا عەرزم هەیە، فەرمووی بڵێ، کوتم دەستووراتی هەر بەو کفنەوە؟ نە کفنی دەوێت نە شوشتنی دەوێ هەر بەوەوە دەرهینن، فەقەت ڕۆژیك پێشتر قەبرەکەی بۆ هەڵکەنن بۆ دوارۆژ بیبەن بێدەنگ لە شەوێدا بینێژن، حەمەدەمین بۆکان بزانیت وەك جاری دیکە دەخرۆشێ با بۆکان کەس نەزانێ. کوتمان بەڵێ. زۆر چاکە، قسەمان تەحویل گرت و هاتینەوە. کوتی جا کێ بچێ قەبر هەڵکەنێ؟ کوتم بۆخۆم دەچم، جا لەوشدا واچاکە پرسێك بە کاك سەعد(ئیلخانی) بکەین، چووینە خزمەت کاك سەعد، فەرمووی نە تەنیا جێگەی قەبرێك ١٠٠٠متر خاکی من نەزری حەسەن زیرەك بێ و گەردنی ئازاد بێ بچن قەبری بۆ هەڵکەنن!

بۆخۆم ڕۆیشتم وە سایلم برد، ڕۆژیك پێشتر قەبرێکی جوانم بۆ هەڵکەند! کاك حسین، ئەمن و حەسەنی مجێوری... شەوێ بردینە سەر قەبرەکە، قەبرەکەمان هەڵکەند کاك حسین هاتەوە بۆ ماڵێ. قەبرەکەمان داوە، دووچراگازیشمان پێبوو، بە هێواش لە قەبرەکە دەرمان هێنا،...دەرمان هێنا و لەو لاوە دامان نا، ڕۆژ مەعلومی کرد و نەکرد کاك حسین ماشینی باری و تابوتی هێناو خستمانە تابوت و بردمان، لەوێ لە قەبرەکەمان خستوو، مە لاێکمان برد یاسین و تەڵقینی کرد و بە خاکمان سپارد. لەوێ کە هاتینەوە چووینە قاوەخانەی کاحەمەدەمین سوبحانەمان خوارد. کوتی جا با برۆین بۆلای دایکم باوەڕ بە هیچمان ناکات بە تۆنەبێ! وەسایلی قەبرەکانم بردو چووم بۆ لای دایکی، کە قسەکانم بۆگێڕاوە، خاتوئامین چەند ڕۆژ بوو نەخۆش بوو، دیار بوو لە پێ کەوتبوو، هەستا سەرپێ زۆری شوکرانەی خودای بژارد، زۆر زۆر منتبار بوو بەوە حەسنمان لەوێ تەسلیم بە خاك کرد!]](عەلی یاسەمەنی، زمانی دوولا- م. ڕەمەزانی)

شوێنی ناشتنی زیرەک گردێکی چۆڵ و هۆڵ بوو. بە دەوری گۆڕەکەدا موحەجەری ئاسن کە زۆرتر لە قەفەس دەچوو، کێشرابوو. لە درێژەی ساڵەکان ژەنگ دەوری گرتبو، سیمای شوێنەکە ناشیاو بوو. پاش گۆڕینی ڕژێم، دەنگی زیرەک لە ڕادیۆ و تەلەویزیۆن

یاساخ کرا. زیرەک و تەنانەت گۆڕەکەی لە لایەن ڕژیم، ئیمام جومعە و موعتەمددینی سەر بە ڕژیم،  سیمای دژ بە ئایینی پێبەخشرا و کرا بە مەسەلەیەکی ئەمنیەتی و سیاسی.

[[ ... لە ڕوانگەی خۆمەوە باس دەکەم، کێشەی حەسەن زیرەک کێشەی بافتی فەرهەنگی خەڵکی بۆکانە. نازانم ئێستا وەلی... باسی فەرهەنگی بۆکان باسێکی دێهاتی مەئابانەیە.... ئێستا لە بۆکان ئەگەر کەسێک شۆرەتی پاشناوی بۆکانی لە گەڵ بێ، لە هەڵبژاردندا نایهێنێتەوە. موشکلەی حەسەن زیرەک زیاتر لەوەی سیاسی یان ئەمنیەتی بێ، کە بەشێکی زۆری سیاسی ئەمنیەتی بوو، بەشی هەر زۆری بەشی فەرهەنگی بوو.حەسەن زیرەک قەت وەک زەرورەتێک چاوی لێنەکرا. حەتتا لە شۆڕای شار.

ئێمە کەسانێکی زۆر  کەم بووین کە وەک زەروورەتێکی فەرهەنگی چاومان لێدەکرد. بەخاتری ئەوەی تەنانەت شۆڕای شار، ئەو جورەی کە دەبوو ببێ، ساختارشکەنی بۆ نەکرد، شەڕی بۆ نەکرد، موبارزەی بۆ نەکرد. نەبوو بە پرسێکی تەنانەت فەرهەنگی، ئەگەر نەتەوەیش نەبێ. ئەوە بووە هۆی ئەوەی زۆر پاشەکشە بکەین. لە پێشدا ئەوە بڵێم موشکلی سەرەکی حەسەن زیرەک بێجگە لە دەستەڵات، ڕەنگە ئەوە بەشێکیش لە دەستەڵات بێت، موشکلی ئەوە بوو، شورای ڕوحانیەت و بە تایبەت ئیمام جومعە دژایەتی توندی بۆ پرۆژەی حەسەن زیرەک دەکرد. بەشێکی موعتەمەدینی شار بوون، کە ئەوانە،  ئەهروومی فشاری سیستەمن بۆ سەر کێشە نەتەوەییەکان و کێشە فەرهەنگییەکان. کە بۆخۆیان ممانعەتی گەورە بوون.

پرۆژەی حەسەن زیرەک کە لە پێشدا ئێمە بانگەوازمان بۆ دا، زۆر جوانی بۆچووین، زۆرمان تەرحی زۆر باش بۆ هاتەوە، تەرحی ئەوەڵ ئەوە بوو بەو دەلیلەی پانتای ئەو شوێنەی حەسەن زیرەکی تێدا نێژراوە، ڕووبەرەکەی کەمە و مەزاری حەسەن زیرەک کەوتۆتە نێو ماڵەکانەوە، ئەو ماڵانە دەبوو بکڕدرابایەنەوە. ئەوە بوودجەیەکی زۆری دەویست.  ڕێبین(حەیدەری) تەرحەکەی وابوو کە بە پێی وەسیەتی خۆی، بیبینە ناڵەشکێنە لە ڕووبەرێکی زۆر، ئێمە پڕۆژەکە جێبەجێ بکەین. ئەم ""تەرحە"" هەر کە هاتە دەرێ و خەڵک ئاگادار بوون... زۆر کێشەیان درووست کرد،  موعتەمەدینی شار، شۆڕای ڕووحانیەت و سیستەم و ئیتلاعات خەڵکیان هان دا، هاتن بەر دەرگای شۆڕایان بە ئێمە گرت. بەم هۆیە ئێمە پاشەکشەمان کرد. پلانی ""دووهەم""... ئەوە بوو، بیکەینە موزەخانەی شیشەیی.  تەرحەکە زۆر جوان بوو، بەڵام پووڵێکی یەکجار زۆری دەویست. کە ""دابینکردنی پارە""ی لە لایەن شارداری، لە لایەن ئوستانداری و لە لایەن ڕژیمەوە بۆ نەدەکرا. یانی ئێمە ""گرفتی"" پووڵمان هەبوو. هەر بەو هۆیەوە ""بڕیارێکمان"" دەرکرد، کە ئێمە بێن بانگەواز بدەین، ئەو کەسانەی دۆستی حەسەن زیرەکن، حەسەن زیرەکیان خۆش دەوێ، لە باشووری کوردستان و لە ئووروپا و خوودی ڕۆژهەڵاتی کوردستان پووڵی بۆ کۆ کەینەوە.  لەوشدا قەرار بوو بچین لە گەڵ تەلەویزیۆنەکانی باشوور قسە بکەین. پلانی دووهەم بە هۆی ئەوەی کەس یارمەتی نەداین... جگە براکەی و ڕەفیقێکی... یەکی ٢٥ هەزارتمەنیان دا، و هەموو ڕۆژێک درگایەن پێدەگرتین، هەتا پووڵەکەیان لێئەساتندینەوە.  ئەوەش سەرکەوتوو نەبوو. سەرئەنجام ئێمە هاتینە سەر ئەو قەناعەتە، بە موجەسەمەیەک و سەنگی قەبرێک و ڕەنگکردنی  شوێنەکە، پڕۆژەکە جێبەجێ بکەین. هەرئەوەندەش کرا، ناڵێم هەر ئەوەندەمان پێدەکرا. بە ڕاستی حەسەن زیرەک لەو پرۆسەیەدا زووڵمی لێچوو. ئەوەش هەروەک کوتم لە پێش پێشدا زووڵمەکە خەڵکی بۆکان لێیان کرد.(ئەندامی شۆرا  شەهین بایزیدپوور)]]

[[ لە شۆڕای شاری بۆکان، دەورەی یەکەم، هەرچەند داخواز و ویستی تازەکردنەوەی گڵکۆی حەسەن زیرەک لە ئارادا بووە، بەڵام لە لایەن "" ئیدارەی ئیتلاعات و ئیمام جومعەی بۆکان""  داخوازەکە ڕەدکراوە و شۆرای شار داخوازەکەی وەلانا. شۆڕای شار دەورەی دووهەم، حەولیان دا لە بودجەی ساڵی ١٣٨٣ (٢٠٠٤) گڵکۆکە، نوێ کەنەوە، فەرمانداری و ئیتلاعات ڕایانگەیاند کە پارەی بەیتولماڵ بۆ ئەو پڕۆژەیە خەرج ناکرێ.

لە کۆبوونەوەی شۆڕای شار، بڕیار درا لە ڕێگای کۆکردنەوەی پووڵ و داوای یارمەتی لە خەڵک، پرۆژەکە جێبەجێ بکرێ. نزیکەی هەزار ڕاگەیاندن چاپ کرا، لە ماوەی نزیک یەک مانگ، یەک کەس بیست هەزار تمەنی ڕژاندە سەر حیساب. دوای هەفتەیەک ئەویش هات و پووڵەکەی وەرگرتەوە!

هاوکات لە ناو شار بانگەواز کرا  بۆ ناردنی ""تەرح"". ""تەرحێک"" هات و خاوەنەکەی داوای پێنج سەد میلیۆن تمەنی کرد، ئەو دەم سەرجەم بودجەی ساڵی عومرانی شارداری ئەوەندە نەبوو...! کە هەموو ڕێگاکان بێ ئاکام مانەوە، شۆڕا مەسەلەکەی لە گەڵ فەرمانداری ئەو کات ئاغای ئەبازەڕی کە خەڵکی سەقز بوو، باس کرد. ئەو پێشنیاری کرد، پڕۆژەکە مەرحەلە بە مەرحەلە ئەنجام بدرێ بە بێ ئەوەی ناوی حەسەن زیرەک بهێندرێ. هەرواش کرا، لە پێشدا خەیابانێکی ١٤ متری لێدرا، دیوار و پلیکان لە خوارەوە بۆ سەرێ کێشرا.

ئەو شوێنەی حەسەن زیرەک دوو زەمینی تێدابوو، کە هی خەڵک بوو، دەبوو لە خاوەنەکانی بکردرێ. شۆڕا خۆی دەزانێ کە چۆن ئەوەی جێبەجێ کرد. لە گەڵ هادی(زیائەدینی) قسە کرا بۆ درووستکردنی پەیکەر، ئەو بە بێ وەرگرتنی حەقدەستی خۆی پەیکەرەکەی سازکرد. بەردی سەر گۆڕەکە لە مەهاباد بە پارەی شەخسی ساز کرا. پاش دەستبەکاربوون بۆ سازکردنی پارک و شوێنی سەوزایی، دەردەسەری زۆرتر بۆ شۆڕا پێکهێندرا ، بەڵام شۆڕا درێژەی بەکارەکانی خۆی دا و بەردەوام مایەوە.

... پرۆژەکە لە ساڵی ١٣٨٣(٢٠٠٤) دەستی پێکرا و لە ساڵی ١٣٨٥ (٢٠٠٦) تەواو کرا، لە ڕێوڕەسمی کردنەوەی شوێنەکە، جگە لە خەڵک و شۆڕای شار، هیچ بەرپرسێکی شار ڕێگا نەدرا. لە شەوی کرانەوەی شوێنەکە کەسان ڕاپێچی دامودەزگای ئەمنیەتی کران.

سەرجەم پرۆژەکە بریتی بوو لە خەیابانی حەسەن زیرەک، پارک و سەوزایی حەسەن زیرەک و گۆڕی حەسەن زیرەک و پەیکەر و ئەسفاڵتی کۆڵانەکانی دەوروبەر، کە دواتر مامە قالە(قادر عەبدوڵازادە) هەر لەو شوێنە بە خاک سپێردرا.

ڕۆژی کرانەوە، هاوکات پارکی گەورەی شەهرەکی فەرهەنگیان کرایەوە و ئەو شەوە لەوێ کۆنسێرتی گۆرانییەکانی حەسەن زیرەک بەڕێوە چوو، کە زۆر گۆرانیبێژ تێدا بەشدار بوون، ئەوە یەکەم جار بوو، لە بۆکان لە دەرەوەی هۆڵەکان و لە دەرەوە کۆنسێرت ساز دەکرا. موحەجەرییەکانی سەر خەیابان بە نۆتی ئاهەنگێکی حەسەن زیرەک ڕازاوە، کە کورش خۆشکەلام سازی کرد. (ئەندامی شۆرا- شەماڵ فەڕشی)[[

** ئەندامانی ئەو کاتی شۆڕای شاری بۆکان کە دەوری سەرەکیان لە نوێکردنەوەی گڵکۆی حەسەن زیرەک گێڕا، بریتی بوون لە شەهین بایزیدی پوور، سەید موحسین حسێنی، شوانە، لوقمان ڕەسوڵی، ڕەشید ئیلخانی زادە، شماڵ فەڕشی ویوسف زادە!

تێبینی: ئەو کەس و ناوەند و دامودەزگا کە لەم ڕاپۆرتەدا ناویان هاتووە، هەروەها ئەندامانی شۆڕای شار(دەورەی دووهەم) و کەسانی بەشدار لە پرۆژەی سازکردنەوەی گڵکۆی حەسەن زیرەک، مافی ڕوونکردنەوە، ڕاستکردنەوە لە پێوەندی لە گەڵ ئەم ڕاپۆرتەیان هەیە و ڕوونکردنەوەکەیان بڵاودەکرێتەوە.

ڕێداکسیۆنی ١٠٠ ساڵەی زیرەک - پووشپەڕی ٢٠٢٠- ئاڵمان